ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/360562240

# گوتاری فیکریی نالی و سازکردنی یۆتۆپیا بە پێی پێوەرەکانی جوانیناسیی کلاسیک

**Article** · October 2001

CITATIONS
0

READS
74

1 author:



Bakhtiar Sadjadi
University of Kurdistan

**52** PUBLICATIONS **46** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Bakhtiar Sadjadi on 13 May 2022.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# گوتاری فیکریی نالی و سازکردنی یۆتۆپیا
# بە پێی پێوەرەکانی جوانیناسیی کلاسیک

بەختیار سەجادی

پێشەکی:

ئەدەبی کوردی لەرووی زانستی ئەدەبناسییەوە و بەتایبەت لە قۆناخی سێیەمی ئەو زانستەدا، واتە بوتیقایان تیۆری ئەدەبی، چەندین بۆشایی تێدا هەست پێدەکرێ. هەرچەندە هەندێ بۆ شایی زەقی دیکەش لە قۆناخی یەکەم و دووەمی دا، واتە ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی، هەست پێدەکرێ، بەلاّم سەبارەت بە لایەنە جۆراو جۆرەکانی تیۆری ئەدەبی قسە بۆ نووسین زۆرە. هەر بەو بۆنەیەوە ئەم وتارە ئەیەوێ باس لە بابەتێک بکات کە تەنانەت لە چاو رەخنەی ئەدەبیش بێ ئەمەگی زۆرتری دەر هەق کراوە، ئەویش بابەتی جوانیناسییە. کەواتە ئاسایيە کەلەم وتارەدا پاش وردبوونەوە لە سیستەمی مەعریفی و گوتاری فیکریی نالی بە پێی بۆ چوونی ئەم قەڵەمە، چەند باسێکی گشتیش لەسەر جوانیناسی ئاراستە دەکرێ. لە بەر ئەوەش کە بابەتی ئەم وتارە نالی ـ یە، نەک جوانیناسی، خێرا دەپەڕینەوە سەر پێوەندی ساز کردن لەنێوان گوتاری فیکریی نالی لە لایەکەوە و لایەنورە هەندەکانی جوانیناسیی کلاسیک لە لایەکی ترەوە، پاشان تێزی سەرەکیی وتارەکە دەخەینە روو کە لەو پێوەندییە دیالکتیکە ئەکۆڵێتەوە کە دوا ئاکام و مەبەستی گەیشتنە بە چەشنە یۆتۆپیایەکی تایبەت، بەو شێوەیەی لە دەقی نالیدا دەرکەوتووە. وەها تێروانینێک دەبێتە هۆی وروووژاندنی چەندین پرسیاری سەرەکی کە بڕێکیان بریتین لە: جوانی چییە؟ جۆرەکانی جوانی کامانەن؟ پێوەندیی جوانی بە راستییەوە چییە و بە چ شێوەیەکە؟ شیعری نالی تاچ

ڕادەیەک جوانە و یا خود «جوانی» تێدایە؟ پێوەندیی گوتاری فیکریی نالی بە لایەنی جوانیناسانەی شیعری نالی- یەوە چییە و چلۆنە؟ جیاوازیی نێوان جوانیناسیی کلاسیک و هاوچەرخ لە چ خاڵگەلێکدا کۆ دەبێتەوە؟ پێوەندیی شیعری نالی لە ڕووی جوانیناسییەوە بە باردودۆخی سەردەمی ئێستاوە بە چ شێوەیەکە و چەندین پرسیاریتری لەم جۆرە. پێویستە ئەوەش بوترێ کە ئەم وتارە بە مەبەستی وڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە نەنووسراوە، هەرچەند ڕەنگە لە لابەلای ڕستەکاندا و بە شێوەیەکی ناراستە و خۆ وڵامی هەندێکیان درابێتەوە، بەڵام ، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ئەم نووسینە جگە لە کۆڵینەوە لە تێزە سەرەکییەکەی، هەوڵی ئەوەش دەدا دەلاقەیەک بۆ جوانیناسیی گشتی و تایبەتی و یا خود جوانیناسیی دەقە کوردییە کلاسیک و هاوچەرخەکان بکاتەوە؛ تاکوو بایەخی زۆرتر بدرێتە بەرهەم هێنانی گوتاری ئیسیاری لەسەر بابەتی ناوبراو.

## گوتاری فیکریی نالی

ئەگەرچی چەندین لێکۆڵینەوە و «شەرح»مان لەسەر شیعری نالی و یا خود جیهانبینیی نالی لە بەردەست دایە و هەندێکیشیان توانای ئەوەیان هەیە ڕوانگەیەکی گشتگیر و وڵامێکی گشتی ئاراستە بکەن، بەڵام بۆچوونێکی بابەتیانە لەواندا و گرنگیدان بە بۆچوونە سوننەتی و سەلەفییەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە لەم وتارەدا بە شێوە ڕوانینێکی جیاوازەوە ڕووبەڕووی شیعری نالی ببینەوە، واتە باس کردن و تیشک خستنە سەر ئەو هۆکارە سەرەکی ولاوەکییانەی کە، بە داخەوە، تا ئێستا سەرنجێکی ئەوتۆیان نەدراوەتێ. وەها بۆ چوونێک ناچارە پەنجە بخاتە سەر سیستەمی ئابووریی و چوار چێوەی زاڵی کۆمەڵایەتی و هەروەهاش بایەخدان بە چەند هۆکارێکیتری زمانی و تەنانەت ئایدیۆلۆژیک. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە وەها ڕوانگەیەک هەڵگری شێوە بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەیە بۆ بەرهەمی ڕەخنەگرە سەرەتاییەکانی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، هەمان ڕەخنەگر کە لە بەر چەند هۆیەکی ئاشکرا، زۆرترین کاریگەرێتییان لە سەر خوێنەری کورد داناوە. ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەی کە لەسەر دەستی بەرەی یەکەم و دووەم و سێیەمی ڕەخنەگران و تەنانەت هەندێ مامۆستای زانکۆی کوردستانی باشوور نووسراون زۆربەی هەرەزۆریان دەچنە نێو خانەی دوو لقی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، واتە، ڕەخنەی دقاودەق (Textual Criticism) و ڕەخنەی سوننەتی (Traditional criticicm) بایەخی جۆرمی یەکەم، واتە ڕەخنەی دەقاودەق کە بریتییە لە ساغ کردنەوەی دیوانەکان، لە جۆری دووەم زۆرترە، بەڵام خاڵی هەرە گرنگ لێرە دا ئەوەیەکە خوێنەرێکی ئاسایی و تەنانەت هەندێ لە نووسەرانیش، ک دەچنە نێو گوتاری سەلەفییەتی ئەدەبییەوە، هێشتا خۆیان لە بازنەی دەسەڵاتی ئەو جۆرە ڕەخنەیە دەرباز نەکردووە.

هەرچەند فۆرمالیستەکان پێیان لەسەر سەربەخۆیی ئەدەبی دادەگرت، بەڵام، لە بۆ چوونی



نێزمارکسیستییەوە، دەق خاوەن سەر بە خۆییەکی ڕێژەییە و بەئاکام و بەرهەمی چەندین هۆکاری ناوەکی و دەرەکی دادەنرێت. شیعری نالی-یش هەرچەندە لە باشترین شێوەی خۆیدا ولەبڕێ شوێندا خۆی لە ئایدیۆلۆژیای زاڵی سەردەم جیا کردوەتەوە بەڵام دیسان بە شێوەکی ناراستەوخۆو زۆرتر ناهۆشیارانە وەکوو بەرهەمێکی ئایدیۆلۆژیک ئەمێنێتەوە. بە واتایەکی تر، شیعری نالی وەکوو نموونەی هونەری ڕەسەن و خاوێن (لێرەدا پێویستە بوترێ کە جیاوازیی نێوان هونەری ڕەسەن و بەرهەمە مامناوەندییەکان ڕەچاوکراوە) لەلایەکەوە خۆی لە ئایدیۆلۆژیای سەردەم جیا کردۆتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە، چەشنێ ئایدیۆلۆژیای نوێی بەرهەم هێناوە. ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیای زاڵی سەردەمی نالی، یان ڕەیمۆند ویلیامز گوتەنی، هێزی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە چیٚ بووە و واتای سەرەکیی شیعری نالی چییە بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە پێک دێنێ.

میرنشینی بابان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا لەڕووی زمانییەوە لە چاو میرنشینی ئەردەڵان باردودخێکی لاوازتری هەبووە چونکە بن زاراوەی گۆرانی بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەد ساڵ وەکوو زمانی یەکگرتووی کوردیی لێهاتبوو (بە تایبەت لە سەردەمی بێسارانی بەم لاوە). مێژووی دامەزراندنی میرنشینی ئەردەڵان، بەرهەم هێنانی ئەدەبیی ئەومیرنشینە و گرتنەبەری ڕوانگەیەک کە بە شێوەیەکی سروشتی و ناهۆشیارانە پتر گرنگی بە ساکاریی زمان و ئەندێشەیەکی ڕادیکاڵ و عیرفانی لە جۆری سۆفیگەری دەدا، بە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی میرنشینی ئەردەڵان لە ڕووی زمان و بیرۆکەوە دادەندرێن؛ بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، باری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کوردستانی باشوور (بنیاتنانی شاری سلێمانی و دامەزراندنی میرنشینی بابان) بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و هەوڵ درا تاکوو گوتارێکی نووسینەیی پێک بهێنرێت. گوتاری سیاسیی کوردستانی باشوور، بە شێوەیەکی بەردەوام، لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمێکی دیکەدابوو، کە هەمان ئیسلامگەری لە چەشنی پاوانخوازیی ئیمپراتووری عوسمانی بوو. ئایدیۆلۆژیای زاڵی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە میرنشینی بابان دا (نەک لە میرنشینی ئەردەلاندا) بریتی بوو لە هەمان ئایدیۆلۆژیای زاڵی سیاسیی نێو دەرباری میرنشینی بابان. واتە، لە هەمان کاتداکە بە هۆی ئایینی و بە تایبەت مەزهەبییەوە لانگرییان لە وڵاتانی دراوسێ دەکرد، یان ناچار بوون لانگرییان لێ بکەن، هەر لە هەمان کاتدا لەبەر شوناسی نەتەوەیی و جیاوازییە زمانی و کولتوورییەکان دیسانەوە هەر کێشەیەک لە نێوان ئەوان و وڵاتانی دراوسێدا لە ئارا بوو؛ بوونی ئیمپراتووریی عوسمانی وەکوو گوتارێکی باڵادەست و سەنتەرێک بۆتە هۆی وەدی هاتنی دیدێکی سنتەرگەرایانە و چەق خوازانە لە سیاست و ئەدەبی ئیمپراتووریی عوسمانی دا بە شێوەیەکی هۆشیارانە ولەمیرنشینی بابان دا بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە؛ چونکوو ئەم ڕەهەندو توخمە ئایدیۆلۆژیکانە لە زمانی عوسمانیدا بوون کە بەسەر بابانەکان دا دەسە پێندرا. لەباری سیاسییەوە، میرنشینی بابان، جگە لەو

کاتانەی دروشمی سەربەخۆیی هەڵدەدا، ناچار بوو بچێتە ژێر سێبەری ئیمپراتووریی عوسمانییەوە. لەباری فیکری و ئایینیشەوە سووژەی کوردی ئەو سەردەمە بە هۆی کاریگەرێتیی زمانی زاڵی نێو بنەماڵە و شوێنە ئاینییەکانەوە دیسانەوە بە شێوەکی ناهۆشیارانە، بەڵام قووڵ و کاریگەر، لە ژێر دەسەڵاتی بیرو بیرۆکە ئاینییەکاندا بوو.لەم سەردەمەدا هەوڵ بۆ دامەزراندنی وبەر هەم هێنانی گوتاری نووسینەیی ونیساری و خۆ بەراوردکردن و خۆ بە باشتر زانین لە میرنشینی کوردیی جیران، واتە ئەردەڵان کاریگەرێتی قووڵ و پڕ هێزی بیرۆکە ئاینییەکان و ڕێبازە سۆفیانەکان و سەرەڕای هەموو ئەمانە، پرسی زمانی و هەست کردن بە جیاوازی لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ بە هێزە دەسەڵاتدارە فیکرییەکانی ئەو سەردەمە دادەنرێن کە جێ پەنجەی هەموویان لەشیعری نالی‌دا وەدەرکەوتووە، وەک:

ئ- هەوڵ بۆ بنیاتنان و بەرهەم هێنانی گوتاری نڤیساری:

تەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشادەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدا وادەکا

کەس بە ئەلفازم ئەڵێ خۆکوردییە خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

ب: خۆ بەراورد کردن و خۆ بە باشتر زانین لە میرنشینی کوردیی هاوسێ، لێرەدا نموونەی سەرەکی هەمان شیعرە بە ناوبانگەکەی نالی - یە بۆ مەستوورەی ئەردەڵان؛ واتە نالی وەکوو بەرزترین دەنگی شیعریی بابان لە کوردستانی باشوور و مەستوورە وەکوو دەنگی هەرە بەرز و نوێنەری ئەدەب و مێژوو و کولتووری میرنشینی ئەردەڵان لە کوردستانی ڕۆژهەلات:

ج: کاریگەرێتی قووڵی بیرۆکەئاینییەکان کە نموونە لەم بەشەدازۆرن وەک:

ئەی ساکینی ریازی مەدینەی مونەوەرە
لوتفێ بکە بفەرموو مەدینەی منەو، وەرە

د. پرسی زمانی و هەست کردن بە جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ:



زابیتەی تەبعم سوارە، ئیددیعای شاهیی هەیە
موحتەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا
نالیا ئەم غەزەلەت تازە بە تازە وتووە
بە دوو سەد مەسنەوی لوبیی لوبابێ نادەم

بەڵام، ئەگەر رەخنەگر تەنیا لەم چەند روانگەیەوە شیعری نالی بخاتە بەر نوێژینەوە، ئەوا بێ ئەوەی هەست بکا، لە بایەخی شیعری نالی‌کەم کردۆتەوە و بە بەرهەمێکی مام ناوەندی لەباری چۆنایەتییەوە دایناوە. هەروەک لەسەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەی پێکرا، شیعری نالی لە پێگەی هونەری رەسەن‌دا هەرچەند بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بەڵام هوتبەری لە ئایدیۆلۆژیای زاڵی سەردەم سەرچاوەی گرتووە، بەڵام، ئەوەش نابێ وەپشت گوێ بخرێ کە ئایدیۆلۆژیای زاڵی سەردەمی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ خستۆتە بەر رەخنەو، هەرم بەم بۆنەشەوە، لەبازی مێژوویییەوە لەو ئایدیۆلۆژیایە دوورکەوتۆتەوە دوورکەوتنەوەی ناوەکی لە ئایدیۆلۆژیای زاڵی سەردەم یەکێ لە وەڵامەکانی ئەو پرسیارە پێک دێنێ کە لەبەرچی شیعری نالی خاوەن بایەخێکی تاهەتاییە و لە سەردەمی ئێستاشدا نەک هەر ئەخوێندرێتەوە، بەڵکوو تەنانەت تام و چێژیشی لێ وەرئەگیرێ.

جگە لەو هێزە دەسەڵاتدارە فیکرییانەی سەرەوە لێرەدا پێویستە باسی هێزی دەسەڵاتداری ئابووریی کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمەش بکرێ، باشترین ناو بۆپێناسەکردنی وەها سیستەمێک بە بڕوای هومایون کاتووزیان و هوشەنگی ماهروویان هەمان شێوەی بەرهەم هێنانی ئاسیاییە، کە لە وتەکانی مارکس - ەوەسەر چاوەیان گرتووە و بیرۆکەی دەسەڵاتداریی رەهای رۆژهەڵاتی، کە لە ئەدەب و هونەردارەنگی داوەتەوە، زۆرتر لە لایەن ویتفۆگل و لەسەردەمی ئێستایش‌دا زۆرتر لەلایەن ئالتورسێرەوە ئاراستەکراوە. هەرچەند لێرەشدا دیسانەوە ناکۆکیی فیکری لە نێوان ئەو بیرمەندانەی سەرەوە لە لایەکەوە هەندی بیریار و ئابووریی زانی رۆژئاوایی، وەک پێری ئەندرسۆن کە پێ لە سەر زاڵ بوونی فیودالیزم لەو سەردەمە دا دادەگرێ، لە گۆڕێ‌دایە، بەڵام ئەگەر ئەو قسانەی دوکتور عەباس وەلی لە بەر چاو بگرین کە باس لە زاڵ بوونی چەشنە فیودالیزمێکی تایبەت لە ناوچەکانی فەلاتی ئێران‌دا دەکات(١) و کەییچمی داوەتە تایبەتمەندیی چەق خوازانە و من سالارانەی ئابووری و پاشان ئەدەب و هونەری ئەو ناوچەنە. واتە، ئەگەر روانگەی زاڵی لێکۆڵینەوە ئابوورییەکان لە بەر چاو بگرینو، بۆ دڵنیا بوونی زۆرتریش، لە روانگەی تیۆری مێژوویی گەریی نوێیەوە بگەرێینەوە بۆ سەر شیعری نالی کە خاوەن بنەمایەکی من سالارانە و چەق خوازانە و دیکتاتۆرانەیە و بنەمایەکی فۆرمیکی تاک شێوەیی بۆ خۆی دەستەبەر

کردووەو ئەگەر باری جوگرافی و کەشوهەوای کوردستانی باشوور لەگەڵ کوردستان ڕۆژهەڵاتدا بەراورد بکەین کە لەوێش کە شاوەرزێ و شێوەی ئاودێری کردنێ ئاسیایی، نەک هەر لەو سەردەمەدا بەڵکوو لەم سەردەمەی ئێستاشدا بەدەسەڵات و دابینکەری باری ئابووریی کۆمەڵگا دادەنرێ، ئەتوانین باسی کاریگەرێتییەکانی شێوەی بەرهەم هێنانی ئاسیایی یا خود فیودالیی تایبەت لەسەر شیعری نالی بکەین و لەم سونگەیەشەوە هەندێ تایبەتمەندیی ئەو شیعرە دەست نیشان بکەین. هەڵبەت ئەوەش بڵێم کە سیستەمی زاڵی ئابووری، واتە شێوەی بەرهەم هێنانی فیودالیی تایبەت، زیاتر لەسەر فۆرم و یا خود بنەمای فۆرمیکی شیعری نالی کاریگەرێتی داناوە. ڕەهابوون و نکوولی کردن لە هەرچەشنە زەینییەتێکی ڕێژەیی کاریگەرێتی هەرە بەرچاوی هێزی دەسەڵاتداری ئابووریی ئەو سەردەمەیە لەسەر شیعری نالی؛ هەر بەو بۆنەیەوە، لە بنەمای فۆرمیکی شیعری نالی‌دا کە لە ژێرکاریگەرێتیی تایبەتمەندیی ڕەها بوونی ئەم سیستەمەدایە دیسانەوە ئەم ڕەها بوونە ڕەنگی داوەتەوە. لێرەدا پێویستە پەنجە بخرێتە سەر ئەو خاڵەش کە ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوە هەر تەنیا لە شیعری نالی‌دا بەدی ناکرێن و بەڵکوو سەرجەم شەپۆلی ئەدەبی کلاسیکی کوردی ئەگرنەبەر ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەسەردەمی نالی‌دا، تا پێش ڕووخانی بابان، ئەو تایبەتمەندییە ئابوورییانەی سەرەوە زۆرتر لە هەرزەمەنی دیکە بەرجەستە بوونەوە، ئەوا زۆرتر لە شیعری نالی کاری کردووە. بەر لەوەی درێژە بە باسەکە بدەم، بەلامەوە گرنگە ئاماژەیەکی خێرا بکەم بۆ ئەو هەوڵە ڕەخنەییانەی کە بەم دواییانە لە سەر شیعری نالی و یا خود شیعری کلاسیکی کوردی نووسراون و دەیانەوێ بە هەر شێوەیەک بووە پێوەندی و یا خود هاوکێشەیەک ساز بکەن لە نێوان شعیری کلاسیکی کوردی و چەند تیۆرێکی فیکری و ئەدەبیی سەردەمی مودێرنی ڕۆژئاوایی. لە وێوە کە لە وتارێکی دیکەدا باسم لە مەرجەکان و تایبەتمەندییەکانی خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی بە پێی ڕوانگە تیۆریکەکان کردووە، چیتر لەم وتارەدا پێویست بە دووبارەکردنەوەیان ناکات و هەرتەنیا تیشک ئەخەمە سەر ئەوەی کە زەینییەتی ڕەهای نالی و بنەمای فۆرمی تاک شێوە و ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتداری تاک دەنگی ئەو شیعرە قەت مەودای ئەوەمان ناداتێ کە ئەو شیعرە لەگەڵ ڕوانگەی هەیدگەر بۆ شیعری هۆڵدرلین و یا خود فەلسەفەی ڤیتگنشتاینی دوایی ویان گەمە زمانیەکانی لویس کارۆل و جویس و بە تایبەت ئی.ئی کامینزی ئامریکایی دا بەراورد بکەین. هۆی ناڕاست بوونی وەها خوێندنەوەیەک لە تایبەتمەندیی دەسەڵاتدارێتی ڕەهای ڕۆژهەڵاتی و شێوەی بەرهەم هێنانی ئاسیایی و فیودالیی تایبەت دایە کە لەسەر بنیات و جەوهەرو فۆرمی شیعری کلاسیکی کاریگەرێتی داناوە. ورد بوونەوە لە ڕوانگەی شاعیرانی ناو سیستەمی بەرهەم هێنانی ئاسیایی و شاعیرە ڕۆژئاواییەکان (بە تایبەت شاعیرانی ئەورووپا) بۆ بابەتێکی وەک حەقیقەت زۆرێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانمان بە سانایی بۆ دەردەخات.

هێزی دەسەڵاتداری فیکریی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێزی دەسەڵاتداری



ئابووریی بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ لەسەر بنەمای فۆرمیکی شیعری نالی کاریگەرێتی داناوە؛ شیعری نالی لە هێزی فیکریی دەسەڵاتداری سەردەم کەلکی وەرگرتووە بۆ ساز کردنی ئاقارێکی فیکریی دیکە و لە کۆتاییدا بۆ بەرهەم هێنانی گوتاری فیکریی نالی تەنانەت لەم قۆناخەشدا دیسانەوە شیعری نالی خاوەن پێرسۆنا(Persona)یان قسەکەر و منی شیعرێ و بنەمای فۆرمێک و دەستەوێنەییەی دیداری یان ئیماژی تاک شێوە و ڕەهایەکە لە ڕووی فیکرییەوە بەلای زێژەیی گەرییەوە ناکشێن؛ هەر بەو بۆنەشەوە، جوانیی ئامادە لە شیعری نالی‌دا جوانییەکی ڕەهایە و ڕاست وەک هەقیقەتی ئامادە لەو شیعرانەدا ڕواڵەتێکی نەگۆڕ و ناهەتایی گرتۆتە خۆی ؛ لێرەدا پێویستە باس لە دوو جۆر جوانی بکرێ کە یێنێدێتۆ کرۆچە، جوانیناسی پێشڕەوی ئیتاڵیی سەدەی بیستەم، پەنجەی خستۆتە سەری؛ جوانیی وەستاو و نەگۆڕیان (Static) و جوانیی بگۆڕیان دینامیک (dynamil)؛ هەقیقەتی ئامادە لە شیعری نالی دا لەبنەمای فۆرمیکی ئەو شیعرەدا ڕەنگی داوەتەوە کە لە دوانەلێکدژەکان و ناو زوڵفی ئەڵقە ئەڵقەی یارو لە ناوەڕاستی دەمی یار و تەنانەت لەناوەڕاستی پیتی «چ»ی ماچی لێوی یار و کێشی هاوسەنگی دوو دێڕی یەک بەیت یان کۆپلە و بەتایبەت لە چەقی نێوان دێڕە شیعرەکانیشدا، کە سەرلەبەر خاوەن جەوهەرو ڕواڵەتێکی نەگۆڕن؛ ئەو جەوهەر و ڕواڵەتەی کە لە سەرگۆی زەوی و بە شێوەکەی بابەتیانە و بەرهەست نادۆزرێتەوە. جوانیی بەکار هێنراو و ئاماژە پێکراو لە شیعری نالی‌دا هەمان جوانیی نەگۆڕە؛ لە لایەکی تریشەوە، بە کار هێنانی زۆری خوازە لە چاو مەجاز بۆتە هۆی خولقاندن و سازکردنی قەرینەیەکی شوێنی لە خەیاڵی شاعیردا، کە دواتر زۆرتر لێی ئەکۆڵینەوە. بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی لۆژیکی درێژە بە باسەکە بدین و خۆمان لە تێزی سەرەکیی ئەم وتارە نزیکتر بکەینەوە، پێوستە تۆزێ لەسەر «جوانیناسی» بوەستین.

## جوانی ناسیی کلاسیک و هاوچەرخ [۲]

لە *ئەنسایکلۆپیدیای بریتانیکا*دا، «جوانیناسی» بەم شێوەیە پیناسە کراوە: «لێکۆڵینەوەی تیۆریکی هونەر و جۆرەکای هەڵسوکەوت و ئەزموونی پێوەندیدار بە هونەرەوە». بنج و بناوانی ئەم وشەیە واتا ستاتیکایان (Aesthetics) لەوشە یۆنانی بە مانای «تێگەیشتن و هەست پێکردن» دایە. بۆ لە دایک بورن و سەر هەڵدانی چەمک یان دیاردەی جوانی، مێژوویەکی دیاریکراو لەبەر دەست دانییە، چونکە لە سەرەتای داهێنانی هونەرەوە مێشک و هەستی مرۆڤ بەرەولای جوانی هەنگاوی هەڵگرتووە. سەرەڕای ئەمە، سەرەتای باسە تیۆریکەکان لەسەر هونەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتوون و چەند فەیلەسووفێکی دیکەی سەردەمی کەونارا وەک ئەرەستوو و هۆراس ولانجاینووس. هەرکام لەم بیرمەند و، یاخود باشتربڵێین، هەرکام لەم بیرداڕێژانەش پێوەرگەلێکی تایبەتیان بۆ جوانی یا خود دزێویی هونەر بە گشتی و نەخاسما ئەدەب ئاڕاستە کردووە. ئەفلاتوون لە کتێبی *کۆمار*دا پەروەردە کردن و ڕاهێنانی وەکوو گرنگترین

Scanned by CamScanner

تایبەتمەندیی بەرهەمی ئەدەبیی داناوە و بە مەبەستی دوور کەوتنەو و خۆپاراستن لە هەر چەشنە خراپەکارییەکی ئاکاری، پێویستی ئامادەبوونی جوانی لە شیعردا دەخاتە پشت گوێ و نکوولی لێ ئەکات. ئەرەستوو، بە پێچەوانە، لە بوتیقادا لە شیعر بەرگری دەکات و تام و چێژی وەدی هاتوو لە بەرهەمێکی ئەدەبیی وەکوو یەکەمین ئاکامی بنەڕەتی و پنچینەیی «بوون»ی ئەدەب لە قەڵەم دەدات.

بۆ چوونی هۆراس، لە ڕۆمی کەونارا تێکەڵاوێکە لەم دوو بۆ چوونە لێکجیاوازەی ئەفلاتوون و ئەرەستوو. هۆراس تام و چێژ وەرگرتن و پەروەرشت کردن بە وێنەی پێوەرە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی دادەنێ. لە کۆتاییشدا، لانجاینووس تیۆری سابلایم Sublime یان بابەتی بەرزەجێ بوونی ئەدەب ئاراستە دەکات. دواتر لە چەرخەکانی ناوەڕاست و پاشان لە سەردەمی ڕۆنیسانس دا هەرکام لەم بیرو بۆ چوونانە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر هەڵسەنگێندرانەوە.

بەڵام، وشەی جوانیناسی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٥٠ی زایینیدا وەکوو تەزایەکی فەلسەفی لە کتێبێکی بەم ناوەوە لە سەردەستی ئەلکساندر بومگارتن بەکارهێنرا: لەم کتێبەدا، بوم گارتن هەوڵی داوە پێوندیی نێوان هەڵسەنگاندنی جوانی لەلایەکەوە و تیۆری هونەر لە لایەکی ترەوە دەستنیشان بکات. مەبەستی بومگارتن لەم کتێبەدا ئەوەیە کە راڤەیەک لە هونەر بکات کەتێیدا هونەر وەک جۆرێک لە داهێنانی مرۆیی نوێندراوە کە دوامەبەست و دوا ئاکامی هەمان ئاراستەکردنی جوانییە. بەڵام گۆڕانکاریی هەرە مەزن لەم بوارەدا ئیمانوئێل کانت ، فەیلەسووفی ئاڵمانی سەردەمی ڕۆشنگەری، وەدی هێنا. لە کتێبی *رەخنەی ئەقڵی خاوێن*دا بە مێتۆدی میتافیزیکی شیکاری و وردبوونەوەی فەلسەفی ویستویەتی بابەتی جوانیناسانە لێکبداتەوە. کانت، «جوانی»ی وەکوو پردێک لە نێوان دوو جیهانی دەرهەست و بەرهەست دادەنێ و تام و چێژی وەدی هاتور لە بەرهەمێکی هونەری، لە هەستەکانی تری مرۆڤ جیادەکاتەوە و ناویان دەنێتە «تام و چێژە بێ لایەنەکان». لەم ڕوانگەیەوە، جوانی وەک دیاردەیەکی سەراسەر پێوەندیدار بە هەستەوە رەچاو دەکرێ کە خاوەن بایەخێکی ڕۆحی و دەروونییە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، هێگل «جوانی»ی بەوێنەی «رەنگ دانەوەی هەستامێزی هزر» لەقەڵەم دەدا و گرنگی زۆری دەدایە باسە تیۆریکەکانی کانت.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە، جوانیناسی بە شێوەیەکی پتەوهاتە ناو جیهانی ئەدەبەوە. تیۆفیل گوتیەلە پێشەکیی دووکتێبی خۆیدا بە ناوگەلی *ئاڵبرتووس* و *مادموازل دوموپن* دروشمی «هونەر بۆ هونەر»ی ڕاگەیاند. هەر لەم سەردەمەدا بوودلێرو فلۆبێریش پەنجەیان خستە سەر هەوڵ بۆ «رزگار کردنی هونەر». لە ئامریکاشدا، ئیدگار ئالێن پۆ لەوتارێکدا بە ناونیشانی «بنەواشەی شاعیرێتی» داکۆکی لە ڕوانگەی هونەر بۆ هونەر دەکات. پۆ لە سەر ئەو بڕوایەدایە کە لە شیعردا نابێ و ناکرێ باس لە پەروەرشت و ڕاهێنان بکرێ. پۆ پێی وا بوو کە کۆکردنەوەی شیعر و هەقیقەت لەیەک شوێندا ناتوانرێ



سەربگرێ. لە ئینگلیسدا، والتێر پەیتر یەکەم کەس بوو کە بە کاریگەرێتیی وەرگرتن لە جان راسکین و هەندێ هونەرمەندی نیگارکێشی سەربەقوتابخانەی بەر لە رافائێلییەکان باسی جوانیناسیی بە شێوەیەکی بەربڵاو هێنانە ئاراوە و کتێبی لێکۆڵینەوەیەک *لە سەر مێژووی ڕۆنیسانس* باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیە. ئەوەش بڵێین کە بابەتی «رێژەیی بوونی ئەدەبی» یەکەم جار لەم کتێبەدا باسی لێکرا. پەیتر کە لە ژێرکاریگەرێتیی بوودلێر و فلۆبێردا بوو، گەڕان بۆ دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی هەقیقەتی بەتراوێلکەیەکی سەیر دادەناو لەسەر رزگاریی هونەر لە ئەڵقەکانی زنجیرەی کۆمەڵگا پێداگریی دەکرد. ئۆسکار وایڵد، شانۆنامە نووسی ئینگلیسی، بە بەرچاوترین لایەنگری پەیتر ئەژمێردرێ و ڕۆمانی وێنەی دۆریەن گرەی وەکوو مانیفێستی ئەو گروپە دادەنرێ. لە ڕۆژهەڵاتیشدا، فارابی و ئیبنیسینا و خواجە نەسیری توووسی و ئیبنی ڕوشد و ئیخوانی سەفا بەو فەیلەسووفانە ئەژمێردرێن کە لەسەر جوانیناسی، هەرکام لە ڕوانگەی خۆیانەوە چەند باسێکیان وروژاندووە. بەم پێشەکییە کورت و گشتییەوە دەگەڕێینەوە سەر باسە سەرەکییەکەی ئەم وتارە:

شیعری نالی هەرچەندە لەرووی هونەری شاعیرێتی و بوتیقای کلاسیکەوە بەنموونەی باشی شیعردانان دادەنرێ، واتە هەرچەندە نالی بە مانا ڕۆمییەکەی شیعرسازکەرێکی باشە و هونەرمەندی بواری وشەو تەکنیک و خەیاڵە، بەڵام لە رووی پێوەندی کردن بە واقیعەوە دەچێتە نێو خانەی ئەدەبی بەر لە «خوازەی ئاوێنە»وە؛ بە واتایەکی دیکە، شیعری نالی ئەو چەشنە ئەدەبەیە کەتێیدا پێوەندیيەکی پتەو لەگەڵ واقیعی دەرەکی دا هەست پێناکرێ. ئەمەش نەک هەر تایبەتمەندیی شیعری نالی - یە، بەڵکوو زۆربەی شیعری گەلانی جیهانی تابەر لە قۆناخی ریالیزم خاوەن وەها توخم و رەهەندگەلێکن (هەرچەند لە ئەورووپای سەدەی هەژدەهەم دا بە شێوەیەکی کلاسیک باسی ئەم خوازەیە بەکراوە). واتە، لایەن و توخمە جوانیناسانەکانی شیعری نالی سەر بەخانەی جوانیناسیی کلاسیکن و هەر بەو بۆنەشەوە، جیاوازیی زۆریان لەگەڵ جوانیناسیی هاوچەرخدا هەیە. بۆ ئەوەی ئەو جاوازییە دەست نیشان بکرێ پێویستە جارێکی دیکە بچینەوە بە تیۆرەکانی کرۆچەدا. لەو تارێکداکە بۆ چاپی چواردەهەمی *ئەنسایکلۆپیدیای بریتانیکا* نووسیێ باس لەوە دەکات کە هونەر لە فەلسەفە، مێژوو، زانستە سروشتی ومانماتیکەکان و تەنانەت هەستە خێراکانی مرۆڤ زۆر جیاوازە و بۆ هەرکامەیان بەڵگەیەک دێنێتەوە کە لێرەدا دەرفەتی باس کردنیمان نییە؛ کەوانە، هونەر چییە؟ بەبڕوانی کرۆچە، دیاریکردنی تایبەتمەندیگەلێک وەک هونەری بەرز، هونەری تراژیک، هونەری کۆمیک وتاد هەموو تێکڕا چەند چەمکێکی دەرهەست ئاراستە دەکەن و تەنانەت هونەری ڕۆمانتیک و کلاسیکیش هەمدیسان دەچنە نێو ئەوخانەیەوە؛ تاقە دابەشکاریی کرۆچە بۆ هونەر بەسەر دوو توخمی جوان و دزێوی دا ئەنجام دراوە، واتە هونەری جوان و هونەری دزێو؛ بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە مەبەست لە جوان و مەبەست لە دزێو چییە و هەرکام چ تایبەتمەندیيەکی لە

خۆگرتووە.

لە جوانیناسیی هاوچەرخدا گۆڕانکاری بە سەرشتە جوانەکاندا هاتووە، بەڵام جوانی لە شیعر و بەرهەمی هونەری دا دیسانەوە ئامادەبوونی هەیە؛ بۆ نموونە، لەوانەیە باسکی یار کە لەشیعری نالی‌دا جوانە و جوانی ئەنوێنێ چیدی لە شیعری مودێرن دا جوان نەبێت، بەڵام هەر جوانی بنوێنێ. بە واتایەکی روونتر، ئەمە شتە جوانەکان نین کە جوانیی شیعرە کە داین دەکەن، بەڵکوو روانینی داهێنەرانە تەنانەت بۆ شتی دزێو و پیسیش لەوانەی جوانی لێ بکەوێتەوە؛ لە شیعری نالی‌دا ئەم تایبەتمەندییەی دوایی زۆر بە دەگمەن لەبەر چاو گیراوە؛ بۆ نموونە هەمان باسک و مەچەک کە لە شیعری نالی‌دا شتی جوانن و جوانییان تێدایە لە تەشقی شیعری مودێرنیستی داو لە بەرهەمی شاعیرێکی وەکوو ئیلیۆت رائیترشتی جوان نین، بەڵام هەر جوانی ئەنوێنن (٣). تایبەتمەندییەکی دیکەی جوانی کارگردگەرێتیەو شیعری نالی، وەک هەر شێعرێکی دیکەی سەر بە کلاسیزمی کۆن، خاوەن پێوەروپێوانە جوانیناسانە کلاسیکەکانە و لەم سەردەمەی ئێستادا چیتر خاوەن جوانییەکی کارکردگەرا نییە؛ هەڵبەت ئەمە شتێکی سەیر و سەمەرەنییەکەمن دۆزیبێتمەوە، بەڵکوو تایبەتمەندیی ئاسایی زۆربەی ئەدەبی کلاسیکی کۆنە. لە جوانیناسی هاوچەرخدا، بە پێچەوانە، پێوەرەکان بە تەواوی ئاڵوگۆڕیان بە سەر دا هاتووە. هۆی سەرەکی وەها شەپۆلێکی فیکری لە جوانیناسیی هاوچەرخدا دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی مرۆیی لەم سەردەمەدا کەلە زۆر شوێندا ئامازەی پێکراوە و چماهێشتا گوێی شاعیری ئێستا نەبیستووە، یان، ئەڵێی زۆربەی خوێنەوارانی کورد خۆیانی لێ گێل ئەکەن؛ بۆ نموونە، گۆڕینی زۆربەی ساقی و مەیگێڕەکانی ناو شیعری نالی بۆ سۆزانی و، باسکەسپییەکان بۆ باسکی بۆر و، شێوەی پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو لە قۆناخی هەنووکەیی دا چیدی لە رووی چەمکە ئاکارییەکانەوە شتی «جوان» نین پێویستە، بوودلێرگوتەنی، «جوان بکرێن». جگە لەو جیاوازییانەی سەرەوە، جوانیی کلاسیک کە لەبەرهەمی هونەری‌دا زۆرتر خۆی لە رواڵەتی جوانیی ئەفلاتوونی و جوانیی مەسیحی و ئیسلامی و یا خود جوانیی شیعری‌دا خۆی ئەبینێتەوە، لە سەردەمی هاوچەرخدا چەند لقی جۆراوجۆری لێ بۆتەوە. بۆ نموونە لە مارکیسزمی ئۆرتۆدۆکس دا کێشەی نێوان پرۆلتاریا وبورژوا دەوری جوانی ئەگێڕێ. هەمان دەور لە ریالیزیم دا بریتییە لە باسکردن لە سەر چینە نالین و ژێرینەکانی کۆمەڵگا؛ لە سروشتی خوازیدا بریتییە لە توێکاریی کاریگەرێتیی ژینگە و ویراسەت لەسەر مرۆڤ؛ لە ئەدەبی مودێرنیستی دا جوانی بریتییە لە وەی کە کێشەکانی مرۆڤی سەردەم، کە رەنگە «لە خۆنامۆیی» لە هەمووان بەرچاوتر بێت، بخرێنەروو، یان باسکردن لەسەر چییەتی و شۆناسی مرۆیی لە ئەدەبی پۆست مودێرندا؛ کەواتە، نەک هەر شیعری نالی، بەڵکوو زۆربەی هەرەزۆری ئەدەبی کلاسیکی کۆنی گەلانی جیهان لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا خاوەن تایبەتمەندیی «نواندنەوە» (Representation) نین و رەنگە خوێنەر تام و چێژیان لێ وەربگرێ، بەڵام ئەم چێژە



مۆرکی رەنج و ئازاری مرۆڤایەتیی هاوچەرخیان پێوەدیار نییە. ئەو وتانەی لەم بەشەدا ئامازەم بۆکرد رەنگە بۆ زۆربەی خوێنەران شتێکی ئاسایی و ئاشکرا بێتە بەرچاو، بەڵام لە ناو کورددا شاعیری وامان وەبەرچاو ئەکەوێ کە دوائامانجی نووسینی غەزەل بە وێنەی نالی ـ یە).

جوانیناسیی کلاسیک زۆرتر بە سەر تەوەری سێ وتەزای هەقیقەت، چاکە و جوانی دا سووردەخواتەوە کە لە جوانیناسیی‌هاوچەرخدا بە چاوێکی ترەوە لە دوو وتەزای یەکەم ئەکۆڵدرێتەوە و تەنانەت لایەنێکی بەرچاوی جوانیناسیی هاوچەرخ روانینی تەوساوی و ئایرۆنیکە (ironic) بۆ ئەو چەمکانە. نالی بە هۆی رەهابوون و دژەرێژەیی گەرییەوە قەت روانینێکی تەوساوی بۆ ئەو چەمکانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەکات بەکار ناهێنێ. هۆی وەها جیاوازییەک لە نێوان جوانیناسیی کلاسیک و هاوچەرخدا کورت ئەکەمەوە کە بڕێکیان بریتین لە: راپەڕین خوازی لە ناوچینی کرێکاری سەرەتای سەدەی بیستەم‌دا، سەر هەڵدانی شۆڕشە خوێندکاری با خودکرێکارییەکان، یا خود جووڵە فێمینیستی و دژە رەگەزپەرستییەکان، کاریگەرێتی سەلبیی تەکنۆلۆژیا لە سەر رەوتی ژیانی مرۆڤ، راپەڕینی پیشەسازیی دووەم و شەرە ئیمپریالیستی و جیهانییەکان و زۆر رووداو و دیاردەی کاریگەری دیکە. کەواتە، لە لێکۆڵینەوی جوانیناسانەی هەر بەرهەمێکدا پێویستە تایبەتمەندیی شوێنکاتیی جوانیناسیی لەو بەرهەمەدا رەچاوبکرێ.

## یۆتۆپیای نالی و خوێنەری ئێستای کورد

خاترێکی شۆخ و خۆش و بێ‌غەم و جەمعم هەبوو
ئێستە بۆ زوڵفی کەسێ مەشقی پەرێشانی دەکا

□□□

ئاسمان هەورین دەبێ، ئێمەش بە غەمگینی دەڵێین
ئەی خودا چ بکەین لە ژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو

□□□

دنیاکە گوڵگوڵی بووە قوربان ئەتۆش وەرە
تالیب بە گوڵ بە قەیدی چییەگوڵ گوڵی بوێ؟

شیعری نالی، هەروەک وترا، رەنگدانەوە و دەرکەوتەی گوتاری فیکریی نالی ـ یە و لە سۆنگەی پێوەرەکانی جوانیناسیی کلاسیکەوە یۆتۆپیایەکی ساز کردووە، یوتۆپیای ناوبراو لە ئاسماندایە و لەسەر

ئەم یۆتۆپیایە خاوەن دوو بەردی گۆی زەوی، بە تایبەت لەم سەردەمی ئێستادا، جیگەی بۆ ناکرێتەوە. ئەم یۆتۆپیایە خاوەن دوو بەردی بناخەی سەرەکییە کە یەکێکیان گوتاری فیکریی نالییان سیستەمی مەعریفی نالی ـ یە و ئەوی تریان جوانیناسیی کلاسیکە. شیعری نالی لە ئایدیۆلۆژیای زاڵی سەردەم، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، خۆی دەرباز کردووە و چەشنە جیهانێکی تری بەرهەم هێناوە. لەم یۆتۆپیایەی شیعری نالیدا شتی دزێو و ناحەز کە بە دڵی نالی نەبێت ئەکوژرێ و لە ناو ئەچێ و تەنیا روخسارە جوانەکان و گوڵزارەکان ئەتوانن بڕونە گوڵزارەکانی یۆتۆپیاکەی نالی ـ یەوە. جوانیی ئامادە لە شیعری نالیدا وەک هەقیقەتی ئامادە لەم یۆتۆپیایەدا، وەستاو و نەگۆڕ دەمێنێتەوە، ئەوەش بڵێین کە لەم یۆتۆپیایەدا هەر تەنیا شاعیر مافی هەڵبژاردنی شتی جوانیهەیە و لەوێ ڕێژەییگەری و لاوازی بە تایبەت لە چەشنە زەوینییەکەی نابیندرێ بە کار هێنانی خوازەی زۆر لە بری مەجاز بۆتەهۆی وەدی هاتنی قەرینەیەکی شوێنی و خەیاڵی؛ وەها تایبەتمەندییەک، سەرەڕای ئەوەی کە ئەدەبییەت و خەیاڵی بەرزی ئامادە لەو شیعرەدا دەست نیشان دەکات، بە ئاکامی ئەو روانگە فیکرییەش دادەنرێ کە نالی بۆ جیهان و مرۆڤ هەیەتی، ئەو جیهانەی کە هەقیقەتی تێدایە و ئەو مرۆڤەی کە پێویستە بڕواتە شوێن وەها هەقیقەتێکدا و بە یۆتۆپیاکەی نالی بگات. هەڵبەت وتنی ئەو خاڵەش پێویستە کە، نالی لەم یۆتۆپیایەدا لە هەمووان زیاتر تام و چێژ وەرئەگرێ. ئەو تەکووزی و ڕێک و پێکییەی نالی هەست دەکات لە واقیعدا هەیە لە یۆتۆپیاکە شیدا ئامادەبوونی هەیە و لەوێ هەمووشتێ تەکووز و لەبارو ڕێک و پێکە. لەم یۆتۆپیایەدا هەمووشتێ خاوەن چەقێکە کە جوانی و هەقیقەت لەواندا کۆ بۆتەوە؛ ئەم جوانییەش جوانییەکی سەرچەشنیو زۆرتر ئەزەلییە و بە ئاوەڵناوگەلێکی گشتی و چەشنییەوە وەسف کراوە. بە واتایەکیتر، شیعری نالی، دیسانەوە وەک هەر شیعرێکی دیکەی کلاسیزمی کۆن، تاکایەتیی تێدا هەست پێناکرێ و لەوێ گرنگی دراوەتە سەرچەشنەکان.

خوێنەری ئەمڕۆی کورد، لە بەر چەند هۆیەک و لەوانەستاتیک و نەگۆڕ بوونی کۆمەڵگای کوردی لە باری فیکری و کولتوورییەوە، هەروەهاش بە هۆی کاریگەریتی سەلبیی و رەخنەگرە سوننەتییەکان، هەست بە نزیکایەتییەکی سەیر لەگەڵ شیعری نالیدا دەکات؛ واتە، مەودای جوانیناسانەی نێوان شیعری نالی و خوێنەری ئەو شیعرە لە باری زەمەنییەوە زۆر کەمە، بەڵام لە هەندێ رووی ترەوە ئاسمان تا ڕێسمانە. بەواتایەکیتر، خوێنەری کوردی ئەم سەردەمە بە شێوەیەک لە شیعری نالی تام و چێروەر ئەگرێ کە چما هاوچەرخی خودی نالیـ یە، بەڵام ناتوانێ وەک نالی یۆتۆپیایەک بۆ خۆی ساز بکات. هۆکارگەلی وەها کێشەیەک، واتە نەبوونی توانای سازکردنی یۆتۆپیا، تا رادەیەک لە بەشە پێشووەکانی ئەم وتارەدا باس کرا. وەها دیاردەیەک، واتە هەست کردن بە نیزیکایەتیی لەگەڵ شاعیری کلاسیکدا و نکووکیکران لە هونەرو ئەدەبی هاوچەرخ و کەواتە دوور کەوتنەوە و بە جێمان لە قافڵەی بیروهونەری مرۆیی، ڕەنگە هەر تەنیا لە کۆمەڵگای وەستاوی کوردیدا ببیندرێ وخاڵی سەیر لەوەدایە کە ئەم تایبەتمەندییە لە لای ئێمە بە



پۆزەتیڤ دانراوەوەو، بە بڕوای تاقمێ ئەبێتە هۆی سەقامگیر بوونی شوناسی کوردی، کەچی وەها بیروبۆچوونێک، راست و پێچەوانە، کوشندەترین ئامێرەو بەرەوڕووی شوناسی دەکرێتەوە، چونکی لانیکەم تایبەتمەندیی زەمەتیی شوناس دەدۆڕێنێو، وەها بڕیارێک بەردەوام رووی لە رابردووەو، ناتوانێ روو بەڕووی گوتارە هەنووکەییەکان بێتەوە. لە یۆتۆپیاکەی نالی دا باسی رەنج و ئازاری مرۆڤ ناکرێ و ئەگەر مرۆڤی ئەو شوێنە تووشی هەر چەشنە نالەبارییەک بێ ئەوا هەم هۆکارەکەی و هەم ڕێگەچارە سەرییەکەی لە کوشتنی رەقیب و بینینی یاردایە. وەها تایبەتمەندییەک لە شیعری نالی دا دوو ئاکام و ئەنجامی بەدواوەیە: لەلایەک خاڵێکی ئیجابییە، چونکوو خوێنەر بە شێوەیەکی خەیاڵئامێز ئەباتە نێو یۆتۆپیاکەی خۆیەوە و هەر بەم بۆنەشەوە لە بیرکردنەوە کە رەنج و ئازاری مرۆیی دووری ئەخاتەوە. لە لایەکی تریشەوە خاڵێکی سەلبییەر چونکە قەت باسی رەنج و ئازاری مرۆیی ناکات و بەڕاستی خۆی لە بابەتەکە گێل ئەکات. هەر بەم هۆیەش، وەک چون ئادۆرنۆ دەڵێ «جوانیناسییە شتێکنییە جگە لە مێژوویی شاراوەی ئەزموونی رەنجی مرۆڤ»، کە واتە ناکرێ شیعری نالی بە پێی پێوەرەکانی جوانیناسیی مودێرن هەڵبسەنگێندرێ، چونکوو، سەرەڕای هۆیە ئاماژە پێکراوەکان، شیعری نالی هەوڵی هەڵێنانی مەتەڵی رەنجی مرۆیی نەداوە. وەها کارێکیش پێویستی بە دیاردە ناسیی رەنج و جوانیناسی رەنج و راڤەی مێژوویی مەتەڵی رەنج هەیە، کەچی نالی خەریکی پلان دارشتنە بۆ سازکردنی یۆتۆپیاکەی خۆی لە ئاسماندا.

لە کۆتاییدادەمەوێ پەنجە بخەمە سەر ئەوەی کە ناسینی سیستەم و نیزام و گوتاری مەعریفی و فیکری نالی وەک هەر شاعیرێکی گەورەی دیکە،پێویستە، بەڵام ئەمە هەر تەنیا پلەی یەکەمی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێک دێنێ و لەپلەی دووەمدا، پێویستە جیاوازییە گوتاری و فیکری و جوانیناسانەکان دەست نیشان بکرێن، یان لانی کەم فام بکرێن.

■ پەراوێز:

١ـبڕوانە بۆ:ولی،عباس.*ایران پیش از سرمایەداری*. ترجمه حسن شمس آوری (تهران:نشهر مرکز، ١٣٨٠).

٢ـئەم بەشە لەوتارە کەلە رووی وتارێکی تری ئەم قەڵەمەوە وەرگیراوە کەلە کتێبی *فرهنگ اصلاحات نقد ادبی*ـیش دا دووبارە چاپ کراوەتەوە.

٣ـبۆزانیاریی زۆرتر لەم بارەوە بڕوانە شیعری «سترانی ئەڤینی جەی ئالفرێد پورفراک»، نووسینی تی ئیس ئیلیۆت، بە تایبەت ئەودێرەی کە دەڵێ:ئەوباسک و مەچەکانە لەژێر تیشکی ئەم گڵۆپەدا چەندە بۆر ئەنوێنن.